وانەی ١ <u>بوون بە شوێنکەوتوی مەسیح</u>

مەبەست لە ژیانی ئێمە

دوو پیاو گفتووگۆیان بوو. یەکیان دەیووت، "باوەڕم بەوە هەیە کە خودای مەزن منی بەدی هێناوە هەتا گوێڕایەڵی ڕاسپاردەکانی بم. پێغەمبەرانی ناردووە بۆ نیشاندانی ڕێگەی ڕاست. ئەگەر شوێنی ئەو ڕێگەیە بکەوم ئەوە ئومێدەوارم لە گوناحەکانم خۆش ببێت و بمکاتە بەهەشتەوە." ئەوە مەبەستی ژیانی منە.

پیاوەکەی تر وەڵامیدایەوە، "منیش دەمەوێت گوێڕایەڵی ڕاسپاردەکانی خودا بم. بەڵام من لەوە ناترسم کە ئەو دەمخاتە ئاگری-دۆزەخەوە. تازە ئەو لە گوناحەکانی من خۆشبووە و بەڵێنی داوە بە من کە بەخێرهاتنم بکات لە بەهەشت. بۆیە، لەم سەر زەوییە من خۆشحاڵم کەسییەتی ئەو بناسم، هەست بە خۆشەویستی ئەو بکەم و منیش خۆشم بوێت. دەمەوێت بۆ ئەو بژیم، هەموو ساتێکی هەموو ڕۆژێک. ئەمە مەبەستی ژیانی منە."



١ کاتێک ئێمە بیر لە ژیانمان دەکەینەوە هەندێک جار دەشێت ببێتە بار بۆمان. کێشمان دادەبەزێت بەهۆی کێشەکانی ئێستامان و وە نیگەرانیەکانمان بۆ ئاینده. لە مزگێنی پیرۆزدا (ئینجیل) سەروەرمان عیسای مەسیح بەڵێنێکی ناوازەی داوە کە بۆ هەموومانە:

"وەرن بۆ لام ئەی هەموو ماندووان و بارگرانەکان، من دەتانحەسێنمەوە." (مەتا ١١: ٢٨)

بیر لەوە بکەوە عیسای مەسیح ئەو وشانەی بەتایبەتی بە تۆ بڵێت! بەردەوام ئەو ئایەتەی سەرەوە بخوێنەوە هەتا دەتوانیت بەبیرهاتنەوە بیانڵێیت. پاشان بۆشاییەکانی خوارەوە پڕ بکەرەوە:

" وەرن بۆ لام ئەی هەموو __________ و __________، من دەتانحەسێنمەوە."

٢ سەروەرمان عیسای مەسیح ئەو وشانەی گوت کاتێک هاتە ناو جیهانەوە. ئەو بانگی خەڵکی دەکرد "وەرن، شوێنم کەون". هەندێکیان بە شادومانیەوە بەرسڤیان دایەوە و بوون بە شوێنکەوتوی ئەو. ئەوانیتر ڕەتیان کردوە. مەسیح لەژیاندایە و هێشتاش هەمان بانگێشت دەکات بۆ ئێمە. ئەمە چییە؟ "وەرن __________ کەون".

بوون بە شوێنکەوتوی عیسای مەسیح

٣ با فێربین چۆن ببین بە شوینکەوتوی عیسا. دەتوانین شوێن نمونەی ماسیگرەکە بکەوین، ناوی شیمۆن پەترۆس بوو، یەکێک بوو لە یەکەم شوێنکەوتوانی مەسیح. با دەربارەی ئەمە پەرتوکی پیرۆز بخوێنینەوە:

ڕۆژێکیان عیسا لە کەناری دەریاچەی جەنیسارەت ڕاوەستابوو، خەڵکی پاڵەپەستۆیان دەکرد تاکو گوێ لە پەیامی خودا بگرن، دوو بەلەمی لە کەناری دەریاچەکە بینی، ماسیگرەکان بەجێیان هێشتبوو و تۆڕەکانیان دەشوشت. چووە ناو یەکێکیان، هی شیمۆن بوو، داوای لێکرد کەمێك لە وشکانی دووری بخاتەوە، ئینجا دانیشت و لەناو بەلەمەکەوە خەڵکەکەی فێردەکرد.

کاتێك وتەکانی تەواو کرد بە شیمۆنی فەرموو: «دووری بخەرەوە بۆ قووڵایی و تۆڕەکانتان بۆ ڕاوکردن فڕێبدەن. شیمۆن وەڵامی دایەوە: «گەورەم، بە درێژایی شەو زۆر هەوڵمان دا و هیچمان نەگرت. بەڵام لەبەر قسەی تۆ، تۆڕەکان فڕێدەدەم.

کاتێك ئەمەیان کرد ماسییەکی زۆریان گرت، خەریك بوو تۆڕەکانیان بدڕێت. جا ئیشارەتیان بۆ هاوکارانی ناو بەلەمەکەی دیکە کرد، تاکو بێن و یارمەتییان بدەن، ئیتر هاتن و هەردوو بەلەمەکەیان پڕکرد، هەتا وای لێهات خەریك بوو نوقوم ببن. شیمۆن پەترۆس کە ئەمەی بینی، خۆی خستە بەرپێی عیسا و گوتی: «گەورەم، لێم دووربکەوە، چونکە مرۆڤێکی گوناهبارم! پەترۆس و هەموو ئەوانەی لەگەڵی بوون لە زۆری ئەو ماسییانەی گرتبوویان سەریان سوڕمابوو، یاقوب و یۆحەنای کوڕەکانی زەبدیش، هاوبەشی شیمۆن بوون. عیسا بە شیمۆنی فەرموو: «مەترسە! ئیتر تۆ لە ئێستاوە مرۆڤ ڕاو دەکەیت. لەدوای ئەوەی بەلەمەکانیان هێنایە وشکانی، هەموو شتێکیان بەجێهێشت و دوای عیسا کەوتن."

لۆقا ٥: ١-١١ لەناو پەرتوکی پیرۆزدا

پاش ئەوەی هەموو بەشەکەت خوێندەوە، نیشانەی ڕاست بدە (✓) لەم چوارچێوەیە ☐ و بەردەوامبە.

٤ واپێدەچێت شیمۆن پەترۆس چوار هەنگاوی نابێت هەتا ببێتە شوێنکەوتەی عیسا. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا خەڵک بە ئەم چوار هەنگاوە دەبێتە شوێنکەوتوی گەورەمان عیسا. ئێستا با دەربارەیان فێربین.

هەنگاوی یەکەم: لە گوناح دوور بکەرەوە

کاتێک شیمۆن پەرجووی ماسیەکەی بینی، چاوەکانی کرانەوە. گەورەی و پیرۆزی عیسای بەدیکرد، و خۆی خستە بەرپێی عیسا. ئەو چی بە عیسا گوت؟ "گەورەم لێم دووربکەوە، چونکە__________________" (بڕوانە بەشەکەی سەرەوە، لە بڕگەی کۆتای)

٥ شیمۆن بۆیدەرکەوت کە ئەو "مرۆڤێکی گوناحبارە" لەوانەیە قەت کەسی نەکوشتبێت یان توشی تاوانی داوێنپیسی نەبوبێت، بەڵام عیسا ناو دڵی ئەوی دەبینی بە ڕونی. شیمۆن نەیدەتوانی نهێنیە شەرمەزارەکانی یان بیرە خراپەکانی خۆی لە گەورەمان عیسا بشارێتەوە.

ئەی تۆ؟ نهێنیە شاراوەکانت چین؟ ئەگەر نهێنیەکانت لە مزگەوتێکدا بە بڵندگۆ بڵاو بکرێتەوە و گشت خەڵکی گوێبیستی بن لەوانەیە بمری لە داخی ئابڕوچون و شورەی خۆت. ئەو نهێنیانەی هەتن لە وانەیە بتوانی بیان شارێتەوە لە دراوسێکانت یان خێزانەکەت، بەڵام ناتوانی بیان شارێتەوە لە عیسای مەسیح. ئەو ئەتوانێت هەمو شاراوە خراپەکان بەڕونی ببینێت لە ژیانتدا هەر وەک چۆن پزیشک ئەتوانێت لە پشکنینی تەنوری، هەموو ئێسقانە شاراوەکانی جەستەت ببینێت.

➢ **ئێستا ڕاوەستە، و داوا لە عیسای مەسیح بکە با سوچە تاریکەکانی ژیانت پیشان بدات.**

٦ لە ڕاستیا هەموو مرۆڤێک توشی گوناح بووە. هەر وەک عومەر خایوم وتویەتی.
"پێم بڵێ کێ تاوانی نەکردووە لەم جیهانەدا
پێم بڵێ لە کوێن ئەوانەی تاوانیان نەکردووە،
بە هەڵەم بزانە و بە هەڵەت دەزانم
کەواتە پێم بڵێ جیاوازی من و تۆ لە چییایە."
ئایە هیچ کەسێک دەتوانێک تاوانی خۆی لە خودا حەشار بدات؟ [بەڵی / نەخێر] (بازنە بە دەوری وەڵامی ڕاست بکێسە)

٧ پێشتر فێرکراوی کە خودا ئەوانەی خۆشدەوێت کە خۆیان بە پاکی ڕادەگرن و ئەوانەشی خۆشناوێت کە هەڵە دەکەن. بەڵام عیسا کە پاک بوو ڕقی لە شیمۆنی ناپاک بوو؟ بێگومان نەخێر، بەسەرسامییەوە. عیسا چی بە شیمۆن گوت؟ (بڕوانە ئەو بەشەی پرسیاری ٣ و نیشانی ڕاست لە وەڵامی ڕاست بدە:)

___ا)" لێم دووربکەوە"

___ب) "مەترسە"

٨ شیمۆن چەند ئاسودە بوو کە عیسا پێی فەرموو "مەترسە"! ئەگەر تۆ، وەک شیمۆن، درکت کرد کە گوناحباری، کەواتە دڵی بدەیە. پاشای دەستنیشانکراو ژیانی خۆی بۆ تۆ بەختکرد، هەروەک هاوپێچی دوهەم ڕونیدەکاتەوە. عیسا ئامادەیە لێت ببورێت و سەرتاپا خاوێنت بکاتەوە!

بەڵام ئایە تۆ ئامادەی ئەو دیاریە بەخشندەییە وەربگریت؟ سەیری ئەو دوو کەسە بکە کە پێچەوانەی یەکن:

شەفیق

ئیمران

عیسای مەسیح چ جۆرە کەسانێک خاوێن دەکاتەوە: کەسێکی شانازی بە خۆوە کردەی وەکو ئیمران یان کەسێکی سادەی وەک شەفیق؟ ________________________

٩ گەورەمان عیسا فەرموویەتی "هاتووم گوناهباران بۆ تۆبەکردن بانگ بکەم" (لۆقا ٥: ٣٢).
تۆبەکردن واتە دوورکەوتنەوە لە گوناح بە ئاراستەیەکی جیاواز.
بڕوانە ئەو دوو پیاوە:



١ ٢

ا) کامیان لەو دوو پیاوە پەشیمان بوونەوە، ١ یان ٢ ؟ ____

ب) کامیان لە وان بەردەوامە لەسەر ڕێچکەی کۆنی، ١ یان ٢؟ _______

١٠ "پەشیمانی" لەوە زیاترە کە تەنها پاشگەز ببیتەوە لە گوناحەکان. واتە بەتەواوی دوور بکەویتەوە لە گونح، وەک پیاوی ٢ لە وێنەکەدا. کەواتە، بەڵگەی پەشیمانیەتی ڕاستەقینە چییە؟ (نیشانەی ڕاست لە یەک وەڵام بدە)

____ ا) هەست بە پاشگەز بوونەوە نەکەیت بۆ ژیانی- پڕ گوناحت

____ ب) پاشگەز ببیتەوە لە گوناحەکانت، بەڵام شێوازی ژیانت نەگۆڕیت

____پ) بەتەواوی دوور بکەویتەوە لە گونح و شێوازی ژیانت بگۆڕیت

١١ یەکەم هەنگاو شیمۆن گرتیە بەر چی بوو بۆ ئەوەی ببێتە "شوێنکەوتوی" عیسا؟ دوور بکەوە لە _________ .

هەنگاوی دووەم: تێگەیشت لە باجەکەی

١٢ هەنگاوی دواتر بۆ شیمۆن تێگەیشتن لە باجەکەی بووکە ببێتە شوێنکەوتوی مەسیح. شیمۆن دووچاری بڕاردەیەکی زۆر دژوار بووە. لەوانەیە ئەو لە نێوان دوو بیرکردنەوەدا گیری خواردبێت:

شیمۆن لە چی تێگەیشت؟ لە__________ بوون بە شوێنکەوتەی مەسیح.

١٣ عیسای مەسیح نمونەیەکی گێرایەوە دەربارەی باجەکەی چەند دەبێت ئەگەر ببیت بە شوێنکەوتەی ئەو.

> " هەروەها شانشینی ئاسمان لە بازرگانێك دەچێت بە شوێن مرواری نایابدا دەگەڕا. کاتێك مرواریيەکی گرانبەهای بینی، چوو هەرچيی هەبوو فرۆشتی و مرواریيەکەی کڕی" (مەتا ١٣: ٤٥-٤٦)

وەک "شوێنکەوتەی" عیسا ، گران بەهاترین شت چییە کە دەبێت دەستبەرداری ببیت و باجەکەی بدەی؟
نیشانەی ڕاست لەوانەی خوارەوە بدە ١ یان زیاتر. (وەڵامی خۆت)

____ا) ناوبانگت لە کۆمەڵگەدا
____ب) ئیش یان بازرگانیەکەت
____پ) کەسوکارت
____ت) موڵک یان میرات
____ج) هەرچی تر (لێرە بینوسە) __________________________

١٤ بەڵام، "مرواریەکی بە نرخ" ئەوە ئەهێنێت! هەرچی ئێمە بەختمان کردووە لە پێناو مەسیحدا، لە بیرت نەچێت مەسیح گەورەترین شتی کردووە بە قوربانی بۆ ئێمە لە سەر خاچەکە!

> " بەڵام خودا خۆشەویستی خۆی بۆ دەرخستین، بەوەی مەسیح لە پێناوی ئێمەدا مرد، کاتێك هێشتا گوناهبار بووین" (ڕۆما ٥: ٨)

کەواتە، کێ باجی زیاتری داوە: ئێمە یان مەسیح؟ ____________

لە وانەی ٩ و ١٠ فێری ئەوە دەبیت کە عیسای مەسیح چۆن هاوکاریمان دەکات کاتێک دوچاری چەوسانەوە دەبین.

هەنگاوی سێیەم: خۆت بە مەسیح بسپێرە

١٥ بۆ بوون بە شوێنکەوتوی مەسیح، شیمۆن دەبوویایە یەکەمجار دوور بکەوێتەوە لە گونح ، و دووەمجار تێگەیشتن لە باجەکەی. پاشان چووە هەنگاوی سێیەم: "خۆت بە مەسیح بسپێرە".
لە پرسیاری ٣، دووبارە ڕستەی کۆتای برگەکە بخوێنەوە. شیمۆن و هاوەڵەکانی چۆن بەرسڤی بانگێشتی' عیسایان دایەوە؟ (بۆشایەکان پڕ بکەوە)
" لەدوای ئەوەی بەلەمەکانیان هێنایە وشکانی، هەموو شتێکیان ______ و ______ عیسا کەوتن."

١٦ شیمۆن بەتەواوی خۆی سپارد بە سەرداره نوێکەی کە عیسا بوو.
لە ڕۆژگاری ڕۆژانەماندا چۆن خۆمان بە کەسێک بسپێرین؟ بڕوانە چەند نمونەیەک:

- ✓ **منداڵێکی ماندوو** کاتێک باز دەداتە ناو باوەشی باوکی خۆی دەسپێرێت بە باوکی هەتا بیگرێتەوە.
- ✓ **نەخۆشێک** خۆی دەسپێرێت بە پزیشکەکەی کاتێک دەرمانەکان دەخوات.
- ✓ **سەرنیشینێک** خۆی دەسپێرێت بە شۆفێرەکە لە دەسپێکی گەشتێکی مەترسیدار.

هەر وەک منداڵەکە و نەخۆشەکە و سەرنیشینەکە، هەر کە خۆمان سپارد بە عیسا جێگەی خۆمان لە ناو دەستی دەکەینەوە. متمانەی پێدەکەین بۆ ئەوەی بمان پارێزێت و ڕێنمایمان بکات. گوێڕایەڵی دەبین وەک سەرداری خۆمان.

سێیەم هەنگاو چییە بۆ بوون بە شوێنکەوتەی مەسیح؟
١.دوور بکەوەوە لە تاوان
٢.تێگەیشتن لە باجەکەی
٣.خۆت بە مەسیح ______

١٧ پاش ئەوەی خۆی سپارد بە عیسای مەسیح، شیمۆن پەترۆس بۆ ماوەی سێ ساڵ لەگەڵیا گەشتی دەکرد. شیمۆن بەشداری ناخۆشی و خۆشیەکانی سەردارمان بوو. عیسای دەبینی کە کوێری چاک دەکردەوە و مردوی زیندوو دەکردەوە! فێری خۆشەویستنی خەڵک بوو هەر وەک چۆن عیسا خەڵکی خۆش دەویست. وردە وردە شیمۆن کە شاگردی عیسا بوو وەک و مامۆستاکەی کە عیسایە، هەڵسوکەوتی دەکرد. دواتر ئەو بەناوی دووەمی پاترۆس باشتر دەناسرایەو.

شیمۆن پەترۆس چۆن بوو بە شوێنکەوتەی مەسیح؟ (ڕاست لە باشترین وەڵام بدە)
____ا) بە سپاردنی خۆی بە مەسیح
____ب) بە وتنەوەی وتەیەکی تازە (وشە یان باوەڕ)

١٨ هەر وەک دەزانی، شاگرد لە سەردارەکەیەوە فێر دەبێت بە تەماشاکردن و سەیرکردنی ئەو شتانەی دەیکات. بەو شێوەیە شیمۆن پەترۆس پەرەی ساند وەک شاگرد یان نێردراوی عیسا'.
هەروەها ئێمەش دەبین بە شاگردی سەردارمان عیسا کە شوێنی کەوتین. هەتا ئەگەر ناشیبینین بە چاوەکانمان، فێر دەبین لەوەی کە کردویەتی و وە وەک ئەومان لێدێت. بە ڕێزەوە ئیشەکانی ئەو هاوبەش دەکەین.
سێیەم هەنگاو چییە بۆ بوون بە شوێنکەوتوی مەسیح؟ خۆت بە مەسیح ______ .

هەنگاوی چوارەم: بەژداری کۆمەڵگەی مەسیح بە

١٩ کە شیمۆن گوێڕایەڵی بانگهێشتەی عیسا' بوو، بەتەنها نەبوو. بەژداری کۆمەڵگەی مەسیحی کرد. شوێنکەوتوانی مەسیح پێکەوە بە کۆمەڵ دەژیان و هاوبەشی ژیانیان دەکرد. گشتیان لە چەندەها تیرە و گۆمەڵگەی جیاوازەوە هاتبوون، بەڵام فێری خۆشەویستی یەکتری بون.

ئەمە زۆر ئاسان نەبوو، هەندێک جار دەمەبۆڵەیان دەبوو، بەڵام ناکۆکیەکانیان چارەسەر دەکرد و لە یەکتریان دەبووری. شیمۆن پەترۆس فێری ئەوە بوو کە هەرچی ئەوانەی باوەڕیان هەیە هەروەها دەبێت بەژداری ______ .

بەژداربوونی کۆمەڵگەی مەسیح بۆ هەموو باوەڕداران زۆر گرنگە!

زیاتر فێر دەبین لە وانەی ٧.

٢٠ عیسای مەسیح بانگی شیمۆن پەترۆسی کرد تا ببێتە شوێنکەوتەی ئەو. ئەمە کام چوار هەنگاوە لەخۆدەگرێت؟
١.لە گوناح __________
٢.________ لە باجەکەی
٣.خۆت بە مەسیح ________
٤.________ کۆمەڵگەی مەسیح بە



لەکۆتایدا، وانەی ئەمڕۆ چی واتایەکی هەیە بۆ خودی خۆت؟

- **لەوانەیە تۆ شوێنکەوتەی مەسیح بیت** ئەگەر وایە، ئەم خولە یارمەتیت دەدا بۆ پەرەسەندن زیاتر لەگەڵ مەسیح.
- **لەوانەیە ئێستا تۆ ئامادە بیت ببیت بە شوێنکەوتەی مەسیح؟** کەواتە لەگەڵ ڕاوێژکارەکەتدا قسە بکە دەربارەی ئەمە بۆ هەنگاوی زیاتر.
- **لەوانەیە کاتی زیاترت پێویست بێت بۆ بیرکردنەوە لەم هەنگاوە گرنگانە؟** شتێکی ئاسییە، بەڵام زۆر دوای مەخە بۆ تاهەتایە ئەم بڕیارە گرنگە. لەوانەیە ڕۆژێک دابێت زۆر درەنگ بێت. ئەگەر ئارەزوت لێیە بەردەوام بە لە خوێندنی ئەم خولە، بەڵام کەڵک و قازانجی زۆر زیاتری دەبێت کە بڕیارت دا شوێن مەسیح بکەویت.

وانەی ١ ئەرکی کرداری
ئەم هەفتەیە، جێگەیەک بدۆزەرەوە کە بەتەنیا بیت و زۆر بە گرنگی بیر لەم پرسیارانە بکەوە. ئایە تۆ هەرئێستا شوێنکەوتەی مەسیحی؟ یان تۆ ئامادەی ببیت بە شوێنکەوتەی ئەو؟ یان کاتی زیاترت پێویستە بیری لێبکەیتەوە؟

ئێستا پێداچوونەوە بکە

وانەی ١ پێداچوونەوە

١. چی بانگهێشتێکی جوانی عیسای مەسیحت لە بیرە لە مەتا ١١: ٢٨؟ (بڕوانە پرسیاری ١ ئەگەر نایەتە بیرت)

" وەرن بۆ لام ئەی هەموو ______________________________________".

٢. ناوی چوار هەنگاو بێنە بۆ بوون بە شوێنکەوتوی مەسیح:

١ __________لە__________________
٢ __________ لە __________________
٣ __________بە__________________
٤ __________ __________________ مەسیح بە

وانەی ١ وەڵامەکان

١. ماندوان، بارگرانان
٢. شوێنم
٣. پارچەکە بخوێنەوە
٤. مرۆڤێکی گوناهبارم
٥. بەرسڤی کەسی
٦. نەخێر
٧. ب)
٨. کەسێکی سادە
٩. ا) کەسی ٢ ب) کەسی ١
١٠. پ)
١١. تاوان / گوناح
١٢. باج
١٣. بەرسڤی کەسی
١٤. مەسیح
١٥. بەجێهێشت، دوای
١٧. ا)
١٨. بسپێرە
١٩. گۆمەڵگە
٢٠. دوور ٢. تێگەیشتن ٣. بسپێرە ٤. بەژداری



وانەی٢ ژیانی تازە لای مەسیح

١ با دەربارەی ئەم ژیانە نوێیە فێرببین لە بەشێک لە ناو پەرتوکی پیرۆزدا پێی دەوترێت "یەکەم نامەی پەترۆس"، یان بە کورتی یەکەم پەترۆس. شیمۆن پەترۆس، ئەوەی لە وانەی ١ دەربارەی فێربووین، ئەم نامیلکەیەی نوسیوە لە ژێر ڕێنمای خودا دا. نامەکە بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

"لە پەترۆسی نێردراوی عیسای مەسیحەوە" (یەکەم پەترۆس ١: ١)

پەترۆس چی ناونیشانێکی هەیە لێرە؟ (وەڵامی ڕاست نیشانە بکە)

_____ ا) شوێنکەوتو _____ ب) نێردراو _____ پ) پێغەمبەر

٢ لە پەرتووکی پیرۆزدا، وشەی "نێردراو" واتە ئەو کەسەی کە ئەرکێکی تایبەتی پێسپێردراوە (نەک کەسێک کە پەرتوکی پیرۆزی هێنابێت). سەردار و سەروەرمان عیسا دوانزە پیاوی هەڵبژارد، ڕاهێنانی پێکردن و ناردنیە دەرەوە، ئەرکێکی تایبەتی پێسپاردن. بۆیە پێیان دەوترێت "نێردراو". ڕێبەرەکەیان نێردراو پەترۆس بوو.

لەم خولەدا چی بەشێک لە وشەی خودا دەخوێنین؟ یەکەم نامەی نێردراو ___________

٣ لە یەکەم ئایەتی یەکەم پەترۆسدا پێمان دەڵێت کێ ئەم پەرتووکەی نوسیوە لە ژێر ڕێنمایی خودا. هەروەها پێشمان دەڵێت کێش نامەکەی بەدەست دەگات. ئەوان شوێنکەوتوی مەسیح بوون لەو وڵاتە دەژیان کە ئێستا پێی دەڵێن تورکیا. لەم ئایەتەدا پێیان وتراوە "گەلی هەڵبژێرداراوی خودا"

➢ **کەمێک ڕاوەستە و سوپاسی خودا بکە کە ئێمەی کردووە بە گەلی هەڵبژێردراو خۆی!**

٤ هەمان ئایەت پێیان دەڵێت "بیانی" لەوانەیە تۆ لە دووری نیشتیمانەکەت بژی. یان لەوانەیە هەر لە نیشتیمانی خۆت بژی بەڵام جیا بوویتەوە لە کەسوکارت، لەبەر ئەوەی ڕەتیان کردویتەوە. ئەمە ئەزمونێکی سەختە!

بەڵام لە ڕوانگەی خوداوە، چ ناسنامەیەکی تازەمان هەیە؟ ئێمە ________ هەڵبژێردراوی خوداین.

ا) ناسنامە تازەکەمان

٥ بەڵێ، "ئێمە گەلی هەڵبژێردراوی خوداین"! لەوانەیە کۆمەڵگە کۆنەکەمان ڕەتمان بکەنەوە، بەڵام "ئەگەر خودا لەگەڵمان بێت، کێ دژمانە"؟... کێ تۆمەت لە دژی ئەوانە دێنێت کە "<u>خودا هەڵیبژاردون</u>؟" (ڕۆما ٨: ٣١-٣٣) . "باشە خودا مافی <u>هەڵبژێردراوەکانی</u> خۆی کە شەو و ڕۆژ لێی دەپاڕێنەوە وەرناگرێت؟" (لۆقا ١٨: ٧)

وەک شوێنکەوتویەکی مەسیح، ناسنامە تازەکەی ئێمە چییە؟ (وەڵامی ڕاست نیشانە بکە)

______ا) گەلی هەڵبژێردراوی خودا ________ب)بێبڕوا _____پ) هەڵگەڕاوە

٦ ئایەتەکەی دواتر فەرموویەتی " خودای باوک تۆی ئەناسی و دەمێکە هەڵیبژاردوی" (یەکەم پەترۆس ١: ٢).

دەربارەی کوڕێک کە لە دایک و باوکی ڕاستەقینەی خۆی ونبووە. خێزانێکی تر لە خۆیدەگرن و گەورەی دەکەن وەک کوڕی خۆیان. ڕۆژێکیان کوڕەکانی تر گاڵتەیان پێدەکرد دەربارەی بێ دایک و باوک بوونی. وەڵامی دایەوە و، "نەخێر، زیاتر لە ئێوە هەست بە سەربەرزی و ڕێز دەکەم. باوکی ئێوە هەڵینەبژاردوون، بەڵام باوکی من هەڵیبژاردووم وەک کوڕی خۆی!"

چی ڕێزێکە گەر لە لایەن خوداوە هەڵبژێردرێیت! ئایا ئێمە بە چاکەکانمان شایەنی ئەوە بووین؟ [بەڵێ / نەخێر]

٧ خودا ئێمەی هەڵبژاردووە لەبەر ئەوەی خۆشی دەوێین، نەک شایەنی بین. هەروەها ئەوەش ڕاستە کە شوێن خودا کەوتوین لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە. هەرچۆنێک بێت بژاردەی خودا و ئێمەیە پێکەوە ئیش بکەین.

ناسنامەی تازەمان چییە لای عیسا؟ ئێمە گەلی ______________ خوداین.



ب) لەدایکبوونی تازەمان

٨ دەزانیت جیاوازی نێوان کرم و ماشۆت چیە. زۆر لە یەک دەچن، لە ڕاستیدا جیاوازێکی زۆر گەورە هەیە. کرم بە خشۆکی دەسوڕێتەوە هەتا دەمرێت، بەڵام ماشۆت بە گۆڕانکاریەکی زۆر نەستەقدا تێدەپەڕێت لەبری ئەوەی بمرێت، دەبێت بە چی؟ (بڕوانە وێنەکە)

____

٩ ئەیێ شتێکی نایاب نیە ئەو ماشۆتە ناشیرنە ، کە بە تەواوەتی ناتوانێت بەسەر گەڵاکانەوە بخشێت، کەچی دەگۆڕێت بۆ پەپولەیەکی زۆر جوان و بە ئاسماندا باڵەفڕەیەتی؟ هەر وەک ئەوە وایە بەتەواوەتی "تازە لەدایکبووبێتەوە" و ببێت بە بونەوەرێکی تازە.

چی گۆڕانکاریەک ڕودەدات لە ماشۆتەکەدا؟ جۆرێک لە تازە ______________ .

١٠ ئایا بوویتە شوێنکەوتوی عیسای مەسیح؟ کە سەیری ئاوێنە دەکەیت تۆ هەمان کەسی پێشوو تری، بە <u>ڕواڵەت</u>. بەڵام لە ڕاستیدا، ئەو گۆڕانکاریەی لە <u>ناخەوە</u> ڕوی‌داوە زۆر گەورەیە هەر وەک گۆڕانکاری ماشۆت بۆ پەپوولە. ئەم گۆڕانکاریە ناوازە لە لای مەسیح پێی دەوترێت "لەدایکبوونەوەی تازە".

کام خەڵکانە ئەم ئەزموونی تازە لەدایکبوونەوە دەبینن؟ (یەک ڕاست)

____ا) هەموو ئەوانەی لە وڵاتی ئێمە دەژین

____ب) هەموو ئەوانەی کەسایەتی خۆیان بە عیسا سپاردووە

____پ) هەموو ئەوانەی لە خێزانێکی مەسیحی لەدایکبوون

١١ ئایەتی دواتری یەکەم پەترۆس دەربارەی ئەم لەدایکبوونی تازە دەدوێت:

"ستایش بۆ خودا، باوکی عیسای مەسیحی گەورەمان! بەگوێرەی بەزەییە فراوانەکەی <u>لەدایکبوونەوەی</u> پێ بەخشین بۆ هیوایەکی زیندوو بە هەستانەوەی عیسای مەسیح لەنێو مردووان" (مەبەست لە خوداوە لە دایکبووین) یەکەم پەترۆس ١: ٣

بەگوێرەی ئەم ئایەتە بێت ، کێ ئەم تازە لەدایکبوونەوەی داوەتە ئێمە؟

_____ا) خودا بە بەزەییە گەورەکەی

_____ب) ئێمە بە چاکەکانی خۆمان

_____پ) نزای پیاوێکی پیرۆز بۆ ئێمە

ئایا ئەزموونی ئەم تازە لەدایکبوونەوەت بینیوە؟

١٢ خودا ئەم لەدایکبوونە تازە پێشکەشی هەموو کەسێک دەکات، بەڵام هەموو کەسێک وەریناگرێت. بڕوانە ئەم پزیشکە چی بە سێ نەخۆش دەڵێت، و وەڵامی ئەوانیش چییە:

کام لەو سێ نەخۆشە، **ا. ب.** یان **پ.** باشتر دەبێتەوە ____________**؟**

١٣ بە هەمان شێوە، کام لەو سێ کەسەی خوارەوە لەدایکبوونی تازە وەردەگرن لای مەسیح؟
(نیشانەی ڕاست لە یەکدانە بدە)

____ا) ئەوەی دەڵێت، "بڕوام بە فێربوونەکانت هەیە، ئەی مەسیح، بەڵام من ئەترسم وەرتگرم بۆ ناو ژییانم"

____ب) ئەوەی دەڵێت، "بڕوات پێ ناکەم"

____پ) ئەوەی دەڵێت، "بڕوام پێتە، گەورەم مەسیح. ئێستا خۆم بە تۆ دەسپێرم . تکایە وەرە ناو ژیانمەوە".



پ) سروشتێکی تازە

١٤ ئێمە دەربارەی "ناسنامەی تازە" و "لەدایکبوونی تازە" فێر بووین وەک شوێنکەوتوی مەسیح. عیسای مەسیح هەروەها "سروشتێکی تازەمان" دەداتێ. کە دەکاتە سروشتی خۆی لە ناو ئێمەدا.

خەڵکانێکی زۆر لەسەر هەمان ئاینی پێشوی تۆ بوون، وەک تۆ بوون بە شوێنکەوتوی مەسیح. لێرە چەند گۆڕانکاریەکی ئەرێنییە کە لە ژیانیاندا بەدی هاتووە و گۆڕاوە:

تالیب:	"ژیان لای مەسیح نایابە و ڕەزامەندی ڕوح و ژیانە"
حەسەن:	"عیسا هێمنی و ئاشتی پێدام"
شامین:	"نیگەرانی و تەنگژەکانم نەمان"

شەیدا:	"بارگرانی و ترسەکانم ڕۆیشتن"
لینا:	"دەزانم خودا منی پەسەند کرد هەر بەو شێوەیەی خۆم"
ئەحمەد:	"ڕەنگی ڕابردووم ڕەش بوو وە بۆنی خواردنەوەم لێدەهات، ئافرەت و تاوان. ڕەنگی ئێستام ڕوونە، پۆشراوە بە هێمنی و ئاشتی"

(لە "عیسا زیاترە لە پێغەمبەرێک" لەلایەن ڕالف وۆتتن)

ئەمانە گشتی کەسانی ڕاستەقینەن. چی جیاوازیەک ڕویداوە لە ژیانیاندا؟ (یەک ڕاست)
____ا) عیسای مەسیح سروشتێکی تازەی دانێ و گۆڕانکاری ئەرێنی زۆری کردووە.
____ب) ژیانیان زۆر خراپتر بوو لە جاران
____پ) بێ گۆڕانکاری مانەوە لە سروشتە کۆنەکەیان

١٥ عیسای مەسیح سروشتی تازەی خۆی بە هەموو ئەم شوێنکەوتوانەی خۆی داوە. وەکو ئەوان ئێمەش بە ئەزمونی هەستی تازەی خۆشی و هێمنی تێدەپەڕین. بەڵام هەستەکانمان گرنگترین شت نین. گرنگترینیان ئەو گۆڕانکاریانەیە کە عیسا دەیهێنێتە کەسایەتی ئێمەوە. چەند نمونەیەکی ڕاستی زیاتر لە خوارەوە:

حەسەن:	"عیسا توانی خوی جگەرە کێشانم تەرک بکات"
جیهانگیر:	"عیسا هەڵوێستی شانازی بەخۆوەکردنمی گۆڕی"
ڕەزاق:	"زمانگیری و گرفتی خۆبەکەمزانیم (ئایەخی) نەما"
سەعید:	"لە کێشە دروستکردن وازم هێنا"
شامین:	"زیاتر حەزم بە خەڵکانی تر هەیە"
پەرویز:	"ڕوحی پیرۆزجێگیر بووە لە جێگەی شانازی بەخۆوەکردن و هاتۆتە ناو ژیانم"
ڕەزا:	"فێری پشتبەستن بووم بە گەورەم لە بازرگانیمدا و بە ڕاستگۆیی ئیش بکەم"
ماریا:	"خەڵکانی تر دێنم بۆ ناسینی خۆشەویستی مەسیح"

(لە "عیسا زیاترە لە پێغەمبەرێک" لەلایەن ڕالف وۆتتن)

مەسیح چی گۆڕانکاریەکی ڕاستەقینەی هێناوەتە ژیانی تۆوە؟ بیرۆکەی خۆت بنوسە، و ئامادەبە هاوبەشیان بکەی لە کاتی گفتوگۆدا:

____
____

١٦ ئەگەر کوتوپڕ بە ئەزموونی ئەو گۆڕانکاریانەی سەرەوەدا نەڕۆیشتوی، نیگەران مەبە. ئەو ئەزموونانە وردەوردە دێن، هەر کە پەرتەسەند لە لای مەسیح. ساڵانێکی زۆری پێدەچێت بۆ منداڵێک ببێت بە گەورە، و بە هەمان ڕێچکە ساڵانێکی زۆری پێدەچێت لە پاش وەرگرتنی "لەدایکبوونی تازە" تا لە ڕوی ڕوحییەوە کامڵ ببین.

بەڵام لەبەر ئەوەی عیسا لە ناو تۆدا دەژی، کام "سروشت" زیاتر و زیاتر پێویستە لە تۆدا ببینین؟
_____ا) سروشتی کۆنی گوناحبار _____ب) سروشتی تازەت لای مەسیح

جەنگی ڕوحیمان

١٧ هەرچەندە کە سروشتێکی نوێشمان هەیە لای عیسا، بەڵام هەر دەبێت جۆرک لە ململانێ بکەین لە دژی سروشی کۆنمان – هەموو ڕۆژێک و هەتا ماوین لە ژیاندا! وشەکانی خودا ئەم ڕاسپاردەمان دەداتێ.

> "کەواتە ئارەزووە دنیاییەکانتان بمرێنن: داوێنپیسی، گڵاوی، هەوەس، ئارەزووی بەد، چاوبرسیێتی کە جۆرێکە لە بتپەرستی. ئێوەش جاران ئاوا هەڵسوکەوتتان دەکرد، کاتێك تێیاندا دەژیان. بەڵام ئێستا هەموو ئەوانە فڕێبدەن: هەڵچوون، تووڕەیی، قین، بوختان، قسەی ناشیرین لە زارتان. لەگەڵ یەکتری درۆ مەکەن، چونکە مرۆڤە کۆنەکە و کردەوەکانتان داکەندووە و. مرۆڤێکی نوێتان لەبەرکردووە، ئەوەی بەگوێرەی وێنەی بەدیهێنەرەکەی بە ناسینی نوێ بووەتەوە".
> (کۆلۆسی ٣: ٥ ، ٧-١٠)

بە گوێرەی ئەو ئایەتانەی پەڕەی ١١، (بازنە بکێشە بە دەوری وەڵامی ڕاستدا)
ا) کام سروشتمان "داکەندووە" [سروشتی کۆن / سروشتی تازە]
ب) کام سروشتمان "لەبەرکردووە" [سروشتی کۆن / سروشتی تازە]

١٨ وێنەکانی خوارەوە ئەوە نیشان دەدەن کە شوێنکەوتوانی مەسیح شتی جیاواز دەکەن. لە بۆشایەکی بەتاڵدا لەژێر ناوی هەر یەکەیان، بنوسە "کۆن" ئەگەر ئەو کەسە ڕەفتار دەکات بەپێی ڕوانگەی سروشتی کۆنیەوە، یان بنوسە "تازە" بۆ سروشتی تازەیان:

کەسی ا): سروشتی ______
کەسی ب): سروشتی ______
کەسی پ): سروشتی ______
کەسی ت): سروشتی ______

١٩ سروشتی هەموو ڕۆژێکی ئێمە ، کە سروشتی عیسایە" لە ناو ئێمەدا، بەرەنگاری سروشتی گوناحباری کۆنمان دەبێتەوە. جارێکیان جوتیارێکی سادە بەم جۆرە ئەم خەباتە دژوارە شیکردەوە؛ "هەست ئەکەم هەروەک ئەوەی کە دوو بزن لە ژیانی مندا بجەنگن، یەکیان ڕەش و یەکیشیان سپی." گوێگرەکانی پرسیان، "کامیان بردییەوە؟" لە وەڵامدا وتی، "هەرکامێکیان کە زیاتر تێرم کردبێت"!

➢ **بیر لە نمونەی جوتیارەکە بکەوە. بزنە ڕەشەکە نوێنەرایەتی سروشتە کۆنەکەمان دەکات و بزنە سپیەکەش سروشتە تازەکەمان. بەم ڕۆژگارە کامیان براوەن لە ژیانی تۆدا؟ بۆچی؟ ئامادە بە بۆ کاتی گفتوگۆ.**

لە وانەی ئەمڕۆدا، با سێ بەرژەوەندی گرنگمان لە بیر بێت کە لای عیسا هەمانە:

- ناسنامەی تازەمان هەیە وەک خەڵکانی هەڵبژێردراوی خودا
- لەدایکبوونێکی تازەمان بینیوە، وەکو ماشوت کە چۆن دەبێت بە پەپولە
- بە یارمەتی مەسیح، سروشتی تازەمان جێگیر دەبێت لە جێی سروشتی کۆنی پڕ گوناحاوی

٢٠ ئەم ئایەتانەی خوارەوە وشەی خودان، کورتکراوەی ئەوانەی ئەمڕۆ فێربووین لەم وانەیەدا:

"کەواتە ئەگەر هەرکەسێک لەگەڵ مەسیحدا یەکبگرێت، دەبێت بە بەدیهێنراوێکی نوێ، شتە کۆنەکان بەسەرچوون و شتی نوێ هات!"
(دووەم کۆرنسۆس ٥: ١٧) (ک.س.س)

بۆشاییەکان پڕ بکەوە و ئایەتەکە بخوێنەوە هەتا بەدڵ لەبەری دەکەیت:
کەواتە ئەگەر هەر کەسێک لەگەڵ ________ یەکبگرێت، دەبێت بە بەدیهێندراوێکی ________، شتە ________
بەسەر چوون و شتی ________ هات!"
(دووەم کۆرنسۆس ٥: ١٧)

ئێستا ئەم نزایە بڵێوە:

"ئەی خودایە،
بە گەورەی و بەزەیی خۆت ئێمەت هەڵبژاردووە وەک گەلی هەڵبژێردراوی خۆت. سوپاس!گەلی هەڵبژێردراوی خۆت.
سوپاست دەکەم!

سوپاس بۆ پێدانی لەدایکبوونێک و سروشتێکی تازە.
بە دەسەڵاتی مەسیح، یارمەتیم بدە تا ڕوحییەن بجەنگم
لە دژی سروشتی کۆنی گوناحبارم.
ئامین"



وانەی ٢ ئەرکی کرداری
سێگۆڕانکاری ئەرێنی بنوسە بە ڕیز کە لە ژیانتدا گۆڕابێت، ئەوانەی لە سروشتی تازەت هاتون. سوپاسی خودا بکە بۆ ئەو گۆڕانکاریانە. هەروەها بە ڕیز سێ خوو بنوسە کە ئێستاش لە ژیانتدا هەر بەردەوامن. ئەم هەفتەیە، بە یارمەتی خودا، بەربەرەکانی ئەو سێ خووە خراپە ببەوە.

وانەی ٢ پێداچوونەوە

١ ا) کە کەسێک خۆی دەسپێرێت بە مەسیح، چی گۆڕانکاریەک لە ژیانی ئەودا دەگۆڕێت؟ لەدایکبوونی ________
ب) ئێمە چی ناسنامەیەکمان هەیە وەک شوێنکەوتوی مەسیح؟ ئێمە ____________________ خودائن
٢ ململانێی ڕوحی ئێمە لە نێوان شروشتی [کۆن و تازەی] گوناحبار و سروشتی [کۆن و تازە] لای مەسیح (هێڵ بەسەر وەڵامی هەڵەدا بکێشە)
٣ دوو گۆڕانکاری بە نمونە بهێنەوە کە عیسای مەسیح لە ژیانی شوێنکەوتووەکانی دەیگۆڕێت
(ئەگەر هیچت لەبیر نییە، بڕوانە پرسیاری ١١- ١٢):

---

٤ بە بیری خۆت، بۆشایەکان پڕبکەوە لە ئایەتی دووەم کۆرنسۆس ٥: ١٧:
"کەواتە ئەگەر هەر کەسێک لەگەڵ ________ یەکبگرێت، دەبێت بە بەدیهێندراوێکی ________، شتە ________ بەسەرچوون و
شتی _____ هات!"

وانەی ٢ وەڵامەکان

١ ب)
٢ پەترۆس
٣ بەرسڤی تایبەتی (وەڵامی کەسی)
٤ گەلی
٥ ا)
٦ نەخێر
٧ هەڵبژێردراوی
٨ پەپولەیەک
٩ لەدایکبوونەوەی
١٠ ب)
١١ ا)
١٢ پ)
١٣ پ)
١٤ ا)
١٥ ئامادەبە بۆ گفتوگۆ
١٧ ب)
١٨ ا) تازە ب) تازە پ) کۆن ت) کۆن
١٩ ئامادەبە بۆ گفتوگۆ
٢٠ ئایەتەکە لەبەربکە